# ئەولادی ئەم عەسرە

فەرهاد پیرباڵ

شاعیری گەورە و ناوداری گەلەکەمان، مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران، دەوروبەری نیوەڕۆی (٣٠/١/٢٠٠٥) تەلەفۆنێکی بۆ ماڵەوە بۆ کردم؛ داخوازیی ئەوەی لێکردم چاوپێکەوتنێکم دەگەڵ سازبدات لەبارەی نوێخوازیی شاعیرانی ئەمڕۆی هەولێر و (وێران) و (جوایەز) و.. شتی تریش.

مامۆستا گۆرانی شاعیر کاتێ گەیشتە بەردەم دەرگای ماڵەکەمان، چووم بە گەرمییەوە پێشوازیم لێی کرد، دەستیم گوشی و پێمگوت:

– زۆرم پێخۆشە کە لەم ڕۆژە سیاسییەدا تۆ هێشتا هەر شیعرت لەبیرە.

گوتی: باسی ئینتیخاباتەکەش دەکەین، قەیدی چییە.

کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی خۆم، فەرمووم لێی کرد دابنیشێ. گوتی:

– ماڵەکەتان زۆر زۆر دوورە.

گوتم: باشتر بوو تەکسییەک بگریت، ئەم ڕێگایە هیلاکی کردوویت، دیارە.

مامۆستا گۆران ئەو قەڵافەت و ئادگارەی هەبوو کە من لە وێنەیەکی ساڵی (١٩٥٩)دا دیبووم (وێنەکەم لە پاریس لە د. شاکرۆی خدۆ وەرگرتبوو: لەم وێنەیەدا گۆران لە شاری یەریڤان لەودیو میکرۆفۆنەوە شیعر دەخوێنێتەوە). پیاوێکی بەناوساڵەکەوتووی جوان و ناسک، بەڵام ئاسەواری بێ خزمەتی و نەداری بە سەرتاپای قەڵافەتییەوە دیار بوو. کونێکی گەورە بەسەر نووکی پێڵاوی چەپییەوە (کە گەیشتبووە ڕادەی هەڵزڕانی پێڵاوەکەی) بەڕوونی ئەم هەژارییەی ئەوی دەسەلماند.

من پێم شەرم بوو لەم پیاوە گەورەیە بپرسم ئاخۆ ئەم چاوپێکەوتنە بۆ کام ڕۆژنامە، یان گۆڤار ئەنجام دەدا؛ دەشمزانی کە ئێستا لە دایەرەی ئاو و کارەبا (وەک مودەقیق) فەرمانبەرە.. بۆ موجامەلە لێم پرسی:

– ئێستا لەکوێ کاردەکەن؟

بە دڵکزییەکی ئەوتۆوە کە لە دەسکورتییەوە هاتبوو، گوتی:

– لە هەر کوێیەک بێت، فەرق ناکا..

ئەم شاعیرە مەزنە، تۆ سەیرکە، قەدرنەزانینی وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکوومەت چۆن وای لێکردووە بۆ پاداشتێکی کەم، بێت چاوپێکەوتن لەگەڵ زەعتووتێکی وەکو من ساز بدات. گوتی:

– دەمێک بوو دەمویست بزانم ئاخۆ ئێوەی گەنج ئەم هەرایەتان لە چییە؟

من ئەمە یەکەمین جارم بوو لەگەڵ مامۆستا گۆران دابنیشم. لەناو شاعیرە پیرەکانی نەوەی خۆی، شێخ نووری شێخ ساڵح و ئەوم لە هەموویان خۆشتر دەویست. ئەمەش لەبەرئەوەی دەمزانی کە شێخ نووری و ئەو –لە هەموویان– کەمتر ڕقیان لە گەنج دەبۆوە، کەمتر سووکایەتییان بە شیعری نوێ و شاعیری نوێ دەکرد. خەریک بوو لێی توورە بم و پێی بڵێم:

– مامۆستا گۆران، تۆ هەقی وایە بچیت دەرس لە شێخ

نووری وەربگریت و بزانیت کە ئەو چەند جوان ڕێز لە بەهرەی گەنج دەگرێت و دەڵێ:

**سبحەینێ ئەم تەجەدودە بۆ تۆیە ئەی شەباب**
**بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن، خادیمی حەیات**

ئەگەر وام پێی گوتبایە لەوانەیە دڵی بشکایە و هەستی بریندار بوایە، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم با لە ئێستاوە تووڕەی نەکەم، گوتم:

– هەرای چی، مامۆستا؟

گوتی: ئەم بەزمەی ناوتان ناوە «نوێخوازی» و «وێران» و «جوایەز» و .. ئەم شتانە.

گوتم: لە سەردەمی ئێوەشدا، نەجمەدین مەلا و خەڵکی دیکە، گەلێک گاڵتەیان بە شیعری ئێوە و نوێخوازییەکەی ئێوە کردبوو.

– ئەوان ناهەق بوون، گوللەیان بە تاریکییەوە دەنا.

گوتم: تۆش بە هەمان شێوە.

– چۆن؟

– هەموو نووسەرەکانی نەوەی تۆ و تەنانەت زۆربەی شاعیر و تۆژەر و پرۆفیسۆرەکانی دوای نەسلی تۆش و ئەوانی ئەمڕۆش، هەمووتان دەرهەق بە ئێمەی شاعیرانی نوێ گوللە بە تاریکییەوە دەنێن .

مامۆستا گۆران دەمێک بوو تەسجیلە بچکۆلە شڕەکەی خۆی خستبووە سەر دۆخی تۆمارکردن، گوتی:

– تۆماری دەکەم. بەردەوام بە، قسە بکە! بزانم بۆچی ناهەقم ئەگەر ئەم قۆڕیات و خوزەعبەلاتەی ئێوە بە شیعر تێنەگەم؟!

– تۆ بۆ خۆت (خودی خۆت) گەرای ئەم نوێخوازییەت، کە ئێستا تۆ پێی دەڵێی «قۆڕیات و خوزەعبەلاتەت» داڕشت.

– کەی، چۆن من شتی وام کردووە؟

– وەختێ لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا لە زیندان بوویت، بەبیرت نایە لەناو بەندیخانەدا چەند شاعیرێکی گەنجی وەک نووری وەشتی و عەلی فەتاح دزەیی-ت بە شیعری نوێ و «بیری تازەکردنەوەی شیعری» زاخاو داوە؟

مامۆستا گۆران وەک ئەوەی بەم قسەیەم غروری تێر بووبێت، گەڕایەوە گوتی:

– باشە، بەڵام دەمەوێ بزانم، تۆ لە ساڵی (١٩٩٤)دا لە گۆڤارەکەی خۆتدا بە ناوی (وێران)، بۆچی هاتبووی وێنەیەکی منت بە ئاوەژوویی دانابوو؟

گوتم: لەبەرئەوەی من لە هەموو شاعیر و ڕەخنەگرێکی دیکەی کورد باشتر لە تۆ تێدەگەم.

– بەڵێ دەزانم کە تا ئێستا چوار تۆژینەوەت لەبارەی شیعرەکانی من نووسیوە.

– سێ لەمانەی باست کردن، ڕوونکردنەوەی داهێنان و تازەگەرییەکانی تۆن کە پێشتر هیچ نووسەر و ڕەخنەگرێکی کورد پەی پێ نەبردوون و باسی نەکردوون. وایە؟

– وایە. بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر (خاڵبەندی) و (پەرناس) نووسیبووتن. ڕاستە.

– کەواتە..

– کەواتە؟

– کەواتە من باش دەتناسم چ داهێن و نوێخوازێک بوویت!

– ئەدی مادام بۆچی دێی وێنەکەم ئاوەژوو دەکەیتەوە؟

بە لای منەوە خەفەتناک بوو کە شاعیرێکی وەک گۆران لەوە تێنەگات کە (نەسلی نوێ هەمیشە دژی نەسلی پێشوو دەوەستێتەوە) گوتم:

– بۆ ئەوەی نەسلی دوای خۆیشم فێر بکەم کە ئەوانیش دوای من بێن من ئاوەژوو بکەنەوە و هەزار تۆپم پێوە بنێن: کەسایەتیی ئێستەتیکیی تایبەتی خۆیان بسەپێنن!

مامۆستا گۆران پێکەنی گوتی:

– کەواتە شێخ ڕەزا ڕاستی گوتووە..

– چیی گوتووە؟

**– تری ئەولادی ئەم عەسرە بە کێرم**
**کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم.**

– بەڵێ ئاوهایە ئیتر: نەسلێک دەژیەت بۆ ئەوەی جۆرە شیعرێکی جیاواز لەدایک ببێ، نەسلێک دەمرێت بۆ ئەوەی دیدێکی نوێ لەدایک ببێت! نەوەی نوێ هەمیشە پێویستە یاخیگەر و وێرانگەر بێت.

پاشان گوتم: لێم زویر نەبیت، مامۆستای بەڕێزم، ئەگەر پێت بڵێم: لەناو شاعیرانی نەسلی ئێوە، تەنیا شێخ نووری شێخ ساڵح لەم دینامیکییەتەی نوێخوازی تێگەیشتبوو.

– چۆن؟

– ئەوەتا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**بە قانوونیش مووەزەف گەییە حەددی خۆی، تەقاویتە**
**تەمای چیمان هەیە، تاکەی بژی شیعری من و زێوەر؟**
**لەناو ئەشعاری ئەم خۆراکە نایابانە، شیعری کۆن**
**ئەشوبهێ هەر بە تەشپی پڕ لە ترخێنە و لەپەی ساوەر**

گۆران هەندێک ئیحراج بوو، گوتی:
- شێخ ڕەزا بەڕاستی بێ منەت بووە بەرامبەر چۆنیەتیی نرخاندنی بەرهەمەکانی خۆی لەلایەن نەوەی نوێ و نەوەی پاش خۆیەوە.
- ئەم بێ منەتییەی شێخ ڕەزا و شێخ نووری دەزانی لە چییەوە هاتووە؟
- لە چییەوە هاتووە؟
- لە دوو شتەوە. یەکەم: باوەڕێکی پتەویان بە هێزی خۆیان و جوانیی بەرهەمەکانی خۆیان هەبووە.
- دووەم؟
- باوەڕیان بەوەش ئەستوور بووە کە چەمکی نوێگەرێتی دیاردەیەکی دینامیکییە، مەرەقێکی تا هەتاییە؛ نەسلی نوێ هەمیشە پێویستە لەناو کۆنەکەدا خۆی بتەقێنێتەوە. ئەوکاتە بێگومان کۆنەکە پریشکی زۆری پێدەکەوێت و گەلێک جاریش هەپروون بە هەپروون دەبێت.
مامۆستا گۆران گوتی:
- یەعنی ئێمە هەموومان دەبینە پردی نەوەی داهاتوومان، قوربانیی نەوەی داهاتوومان..
- بێگومان.
مامۆستا گۆران بیری دەکردەوە. گوتم:
- فەقێی تەیران پردی ئەحمەدی خانی بوو. ئەحمەدی خانی پردی نالی بوو. نالی پردی پیرەمێرد بوو. پیرەمێرد پردی تۆ بوو. تۆش هەر پردیت. ئاوهایە ئیتر، تۆ ڕاست دەکەی: هەمووشتان (یەک بۆ نەوەی داهاتووی خۆی) قوربانی بوون.
مامۆستا گۆران وەک هەر شاعیرێکی بەناوسالکەوتوو (کە لەوانەیە زیاتریش تەمەن ئەو گەرموگوڕییەی جارانی لێ سەندبێتەوە) لە کورتی براندییەوە و نەیدەویست چیتر درێژە بەم مەسەلەیە بدات، گوتی:
- باشە چەند پرسیارێکی دیکە، بەڵام تکایە بەشێوەیەکی کورت و هەتا پێت دەکرێ بەشێوەیەکی برووسکەیی وەڵامم بدەوە!
من لەو کاتەیدا دەمڕوانییە نیگا زیخ و زرنگەکانی، پرسی:
- بە ڕای تۆ بۆچی زۆرتر و زیاتری ئەم هەرانانەوەیەی ئەمڕۆ، بەتایبەتی هەرای شیعر، لە شاری هەولێرەوە سەرچاوەی گرتووە؟
گوتم: چونکە هەولێر بە لەسەرخۆیی کیسەڵێک بەدەم ڕێگەوە بیردەکاتەوە.

مامۆستا گۆران دوای بزەیەک گوتی:
- ئێوە لە وەڵامەکانیشتانەوە دیارە، بەڕاستی سوریالیستن.
- سوریالیست نین، جوایەزین.
مامۆستا گۆران وەک شتێکی سەرنجڕاکێشی دۆزیبێتەوە، پرسی:
- ئا.. هەه.. مادام باسی ئەم جوایەزەت کرد؟ با جارێ لە گۆڤارەکەی خۆتەوە دەست پێ بکەین.. ئێوە لە گۆڤاری (وێران)دا چیتان کردووە؟
- (وێران) بایەخدار و گرنگەکانی بێ بایەخ و ناچیزە کردووە؛ بێ بایەخ و ناگرنگەکانیشی بایەخدار و گرنگ کردووە.
- واتە: بایەخی داوەتە بێ بایەخەکان و بایەخدارەکانیشی کەم کردۆتەوە.
- وایە.
- بۆچی ئەم کار و میتۆدەتان هەڵبژاردووە؟
- چونکە ڕاگەیاندن و میدیا و کولتوور هەمیشە لەدەست حکوومەت و حزبەکاندایە و ئەوانن کە بڕیار دەدەن چی بایەخدار و چی بێ بایەخ بکەن. ئێمەش دەمانەوێ بەپێچەوانەی ئەوانەوە پێوادنگە ڕاست و پێوەرە جوانەکان بچێنین: چونکە ئەوان پێوادنگ و پێوەری هەڵە بەناو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە.. کولتوورێکی ئیفلیج دروست دەکەن.
- کەواتە، ئێوەی گەنج دژی کولتوورن.. مەبەستم دژی کولتووری باون!
- بەڵێ. ڕاستییەکەیشی، وەک فەیلەسووفی فەرەنسی (باسکال) دەڵێ: کولتووری ڕاستەقینە هەمیشە دژی کولتوورە.
- کولتوور، بە ڕای ئێوە، چی دەگەیەنێ؟
- کولتوور ڕێگەیەکی دیکەی وەبیرەخۆهێنانەوەیە بۆ ئەوەی بیچەسپێنین ئێمە کێین؟ کولتوور ڕێگەیەکی جوانە بۆ ئەوەی بە خەڵکی غەیری خۆت بڵێیت: تۆ من نیت!
- لە بەستێنی تەصمیم و دیزایندا باوەڕ دێنم کە کاریگەرییەکی باشتان کردە سەر گۆڤارەکانی دوای (١٩٩٤)، تەنانەت لە بەستێنی جەسارەت پەیداکردنیشدا.
- بەڵام لە بەستێنی کولتووری شیعردا چ کاریگەرییەکتان تا ئێستا نواندووە؟
- فۆرم، تەکنیک، شێواز، زمانی شیعری.. لە هەمووشیان گرنگتر ئەم جەسارەت پەیداکردنەی باست کرد بۆ شێواندن و وێرانکردن و وروژاندن: سەرچاوەی

هەموو داهێنانێکە. مامۆستا من نامەوێ تەنیا باسی ئەو گۆڤارە بچکۆلەیە بکەم، من قسەم لەبارەی سەرجەم ئەو نەسلە نوێگەرەی ئەم بیست ساڵەی دواییە.

– پێت وایە کە مێژوویەکتان دروست کردبێت؟

– ئایا ئێمە مێژوو دروست دەکەین، یان مێژوو خۆی خۆی دروست دەکات؟

– مەبەستت تێناگەم، کاک فەرهاد؟

– بۆ نموونە ئەگەر بڵێین : (دوێنێ لە ماوەی هەموو رۆژەکەدا دکتۆر فەرهاد پیرباڵ سێ جاران چووە تەوالێت). ئایا ئەمە دەبێتە مێژوو؟ بێگومان نەخێر، چونکە هەزاران شتی وا و تەنانەت هەموو شتێک لە هەموو شوێنێکدا هەموو کاتێک ڕوو دەدا. کەواتە مێژوو لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک هەر ڕوو دەدا.

مامۆستا گۆران گوتی: مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەمەیە: مادام مێژوو لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک هەر ڕوو دەدا؛ بۆیە مێژوو هیچ بایەخێکی لای ئێمە نییە.

– ئەدی چ شتێک بایەخی لای ئێوە هەیە؟

– جوگرافیا !

مامۆستا گۆران سەری سوڕما، گوتی:

– جوگرافیای چی؟

– جوگرافیای دەق، جوگرافیای ڕۆح، جوگرافیای زەمەن..

مامۆستا گۆران وابزانم دەیویست گاڵتەم پێ بکات، گوتی:

– ئەدی جوگرافیای عیراق..؟

– نەخێر ئێمە، بەپێچەوانەی نەسلی ئێوە، دژی جوگرافیای عیراقین. بەداخەوە: تۆ و بێکەس و دیلان و تەنانەت کامەران و گەلێک شاعیرانی دیکەی نەسلی خۆت، شیعرتان بەم مەسەلەیە زۆر ناشیرین کرد. تەنانەت کارتان کردە سەر ئەوەی کە شەپۆلێکی ڕەخنەیش لەسەر دەستی چەند ڕەخنەگرێکی وەک د. کامیل بەصیرِ پەیدا بێ و بێن جوگرافیای عیراق و عیراقچێتی بکەنە پێوەرێک بۆ داهێنانی شیعر.

مامۆستا گۆران گوتی: باشە، بە ڕای ئێوە ئەدی باسی نیشتیمانپەروەرێتیمان نەکردایە؟

– ئەمە بوو هەڵەی گەورەی نەسلی ئێوە: واتاندەزانی ئەگەر باسی نیشتیمانپەروەری بکەن ئیدی ئەمە لە بەستێنی شیعردا دەبێتە داهێنان.

– ئەدی داهێنان، بە بۆچوونی ئێوە، لە شیعردا چییە؟

– ئێوە دەچوون بە زمانێکی وەسفی، بە زمانێکی سادە، وەسفی سروشتی کوردستان و خەبات و دیاردە و ڕووداوەکانتان دەکرد.

– ئەدی ئێوە چ دەکەن؟

– ئێمە دیدێکی شاعیرانە لەهەمبەر هەموو دنیا و لە هەمبەر هەموو شتەکانی ژیان پێکەوە دەردەبڕین. کوردستان بە جیا باس ناکەین، شیعرێک تەرخان ناکەین تەنیا بۆ خەبات، ژنێک، یان کچێک بەتاقی تەنیا لەناو چوارچێوەی شیعرێکدا زیندانی ناکەین. وەکو گوتم: جیهانبینییەکی هونەرمەندانەی خۆمان لەبارەی ژیانەوە دەردەبڕین (ئیتر لەو کاتەدا هەرچی دیاردە و بابەت و ڕووداوێک دەکەوێتە بەر نەشتەرگەریی نیگامان گرنگ نییە و وەکو یەک وایە)؛ گرنگ دروستکردنی شیعرێکە، هونەرێک!

مامۆستا گۆران وەک ئەوەی تەڵەیەکم بۆ بنێتەوە، گوتی:

– بەڵام شێرکۆ بێکەس خۆ سەر بە نەسلی ئێوەشە، کەچی هەر وەکو ئێمە دەکا.

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئەوەتا ئەویش سەدان شیعری هەیە کە هەر یەکێکیانی تەرخان کردووە بۆ بابەتێک، یان ڕووداوێک: بۆ بارزانی، بۆ مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤، بۆ ٨ی مارس، بۆ هێرشی بزووتنەوەی ئیسلامی.

گوتم: جارێ پێش هەموو شتێک شێرکۆ بێکەس سەر بە نەسلی ئێمە نییە و سەر بە نەسلی خۆتانە، هەر بۆیەش ئەم کاریگەرییە گەورەیەی تێگەیشتنی ئێوەی هەر بەسەرەوە ماوە. دووەم: هیچ مەرج نییە ئەگەر کەسێکی لەخۆت گەورەتر کارێکی کرد ئیتر ئەمە مانای وابێت کە ئەو کارەی ئەو ڕاستە و بچیت لاسایی بکەیتەوە. سێیەم: حەزدەکەم بزانیت مامۆستا گۆران، نەسلی نوێی ئێمە (تەنیا چەند کەسێکی ماستاوچی و فەرمانبەر و حزبی نەبن) بەشێوەیەکی تەواو چەمکی شێرکۆ بێکەس بۆ شیعر ڕەفز دەکەینەوە: چونکە هەمان تێگەیشتنی کۆنی زەمانی ئێوەی هەیە بۆ داهێنانی شیعر.

مامۆستا گۆران دوای بیرکردنەوەیەکی کەم ئیستێکی کرد و گوتی:

– «ئێمە دەچووین بە زمانێکی وەسفی، بە زمانێکی سادە، وەسفی سروشتی کوردستان و خەبات و دیاردە و ڕووداوەکانمان دەکرد». وایە؟

– بەڵێ، وام گوت.

– ئەدی ئێوە، ئێوە بە چ زمانێک لەو ژیانە دەدوێن؟

– ئەمەیە جیاوازییەکی دیکەی نێوان نەسلی ئێمە و

نەسلی ئێوە. حەزدەکەم بۆت ڕوون بکەمەوە کە ئێوە هەمووتان یەک زمانتان هەبوو، وەک یەک وابوون؛ بەڵام ئێمە تەنیا یەک زمانمان نییە. هەر یەکەمان زمانی تایبەت و جیاوازی خۆی هەیە.

– چۆن؟

– چونکە هەر یەکەمان دیدی جیاوازی خۆی، ئەزموونی تایبەتی خۆی، سەرچاوەی فیکریی تایبەتی خۆی و دنیای سەر بە خۆی هەیە ئەمڕۆ، بەڵام ئێوە هەمووتان لە یەک دیدەوە، لە یەک ئەزموونەوە، لە یەک سەرچاوە و دنیاوە هاتبوون. ئێوە وەک یەک و هاوجۆر، فارس گوتەنی (یکنواخت) بوون، بەڵام ئێمە جۆراوجۆر و لە یەکتر جیاوازین.

مامۆستا گۆران گوتی:

– دەتوانی زیاتر بۆم ڕوون بکەیتەوە کە ئێوە چ زمانێکتان هەیە؟

– مەسەلەن یەکێکمان زمانی نائاگایی، یان زمانی کانگای ناهوشیارییەکانی هەیە، ئەوەی دیکەمان زمانێکی ئاڵۆز و بەگرێوگۆڵی ڕۆحی تووڕەی خۆی، یەکێکی دیکەمان زمانێکی ناماقووڵ، یەکێکی تر تێکشکاندنی مانای شتەکان زمانیەتی، زمانی خەون... تەنانەت شاعیری وامان هەیە ئەسڵەن هێندە زمانیش بەکارناهێنێت: بە وشە وێنە دەکێشێت و شیعرەکە لەگەڵ نیگارێک تێکەڵ دەکا.

مامۆستا گۆران پێم وابێ ویستی قەشمەریم پێ بکا، گوتی:

– ئێوە بەڕاستی زۆر مەژغوول و مشەوەش بوونە بەدەست شیعرەوە.

گوتم: ڕاست دەکەی مامۆستا، هەر بۆیەش گوتم: مێژوو هیچ بایەخێکی لای ئێمە نییە.

– کاری خۆتان دەکەن و گوێ نادەنە سبەینێ؟

– مێژوو خۆی گوێ دەداتە سبەینێ.

مامۆستا گۆران لەناکاو پرسی:

– لە ژمارە دووی گۆڤاری وێران-دا هێرشی زۆر توندوتیژتان کردبووە سەر گۆڤاری ڕوانگەی ١٩٧٠؟

– سەرەڕای ئەم هێرشە، ڕوانگەییەکان تاقە کەسانێک بوون کە هەوڵیان دەدا لە نوێخوازییەکەی نەسلی ئێمە نزیک ببنەوە. هی وایان تێدایە ئێستاش هەر هەوڵ دەدەن، بەڵام ناتوانن دەقاودەق وەک ئێمە بکەن.

– هەر ئەم نەسلە تازەیەی ئێوە لە هەولێر (وابزانم مەحموود زامدار ناوی ناوە نەوەی پێشڕەوەکان (طلیعیەکان) ساڵی ٢٠٠١ هات (جوایەز)ی بڵاوکردەوە. (جوایەز) بۆچی تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو؟

– گۆڤاری شین، کە لە هەمان دەزگای ئاراس دەردەچوو، بەردەوامبوونی هەمان هەناسە و ڕێگا بوو. تەنانەت لەسەرەتادا وامان دانا کە ناوەکەیشی هەر (جوایەز) بێت.

– بەڵێ، بەڵام گۆڤاری شین لە ژمارە (٤) بەملاوە «ئەم جوایەزییەی» نەما؟!

گوتم: ڕاستە، بەڵام خۆ مەرج نییە هەمیشە تۆ گۆڤارێکت هەبێ بۆ گەیاندنی خۆت. ئەمڕۆ «جوایەز بوون» ڕۆحیات و شێوازێکە، ئەدەبیاتێکە؛ دەتوانی لەسەر لاپەڕەی زۆربەی گۆڤارەکاندا هەستی پێ بکەیت: هێندە بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا گۆران پرسی:

– نووسەرانی ئەم نەسلەی ئێوە، هیچ تیۆرێکتان هەیە؟

– تۆ دەتوانی تیۆر لای زۆربەیان بدۆزیتەوە؟

– لای کێ چی دەدۆزیتەوە، بۆ نموونە؟

– لای ئەنوەر مەسیفی، مەسەلەن، کارکردن لەناو زماندا هەیە. لای عەباس عەبدوڵڵا یووسف شیعراندنی نائاگایی هەیە. لای هاشم سەڕاج تەقاندنەوەی تەصەوف بەشێوەیەکی ئەمڕۆیی و مۆسیقایی. لای ئیسماعیل بەرزنجی شیعراندنی ژیانی ڕۆژانە. ئەوانی دیکەش: دڵشاد عەبدوڵڵا، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، نەوزاد ڕەفعەت، سەباح ڕەنجدەر، محەمەد باوەکر.. هەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز جوایەزن.

– ئەدی لای خۆت؟ چ تیۆرێک، چ جیاوازییەک هەیە؟

– تیۆری من ئەمەیە: هەموو ڕۆژێک بیردەکەمەوە: چۆن تیۆرێکی تازە بدۆزمەوە و گرنگی بکەم!

مامۆستا گۆران هیلاک ببوو، گوتی:

– دەتوانی فەلسەفەی (وێران)مان بە چەند دێرێک بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

– وێران واتە:

لەدوای ئەوەی کە فەرهاد پیرباڵ کۆچی دوایی دەکات، هەر کەسێک بۆی هەیە گوو لە گۆڕی ئەدەبەکەی بکات.

لەدوای ئەوەی عەباس عەبدوڵڵا یووسف کۆچی دوایی دەکات، هەر کەسێک بۆی هەیە خانوویەکی تازە لەسەر تانوپۆی خانووە ئەدەبییە وێرانکراوەکەی ئەووەوە دروست بکات.

لەدوای ئەوەی ئەنوەر مەسیفی کۆچی دوایی دەکات،

هەموو کەسێک بۆی هەیە تۆپی پێوە نێت.

لەدوای ئەوەی هاشم سەڕاج کۆچی دوایی دەکات، هەموو کەسێک بۆی هەیە بێت وێنەکەی هاشم سەڕاج بە ئاوەژووکراوی لە گۆڤارێکدا هەڵبواسێت..

مامۆستا گۆران لێرەدا هەڵیدایە:

– بەس بەس بەس.. ئەدی دەتوانی فەلسەفەی (جوایەز) و جیاوازبوونمان بە چەند دێڕێک بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

– جوایەز و جیاوازبوون واتە:

لە هەمان ئەم سەردەمەی کە کەریم دەشتی شیعری تێدا دەنووسێ، هەر کەسێکی دیکەش بۆی هەیە ئەوە بنووسێت کە خۆی حەزدەکا.

لە هەمان ئەم سەردەمەی کە دڵشاد عەبدوڵڵا شیعری تێدا دەنووسێ، هەر کەسێکی دیکەش بۆی هەیە ئەوە بکات کە خۆی دەیەوێ.

لە هەمان ئەم سەردەمەی کە جەلال بەرزنجی شیعری تێدا دەنووسێ، هەر تەڵعەت تاهیر و سەباح ڕەنجدەر و نەوزاد ڕەفعەت و سەعدوڵڵا پەرۆش و عەبدولڕەحمان فەرهادی و مەوجوود سامانێکیش بۆی هەیە ئەو شیعرە بنووسێت کە خۆی پێی شیعرە...

مامۆستا گۆران لێرەدا ڕامی گرت و گوتی:

– ئەدی من ئێستا لە هەمان ئەم سەردەمەی کە ئێوە شیعری تێدا دەنووسن، ئایا بۆم هەیە بێمەوە ئەو شیعرە بنووسم کە خۆم دەمەوێ؟

– گوتم: بەڵێ.

– باشە، بەڵام من لەگەڵ ئێوە جیاوازم.

گوتم: نەخێر ئێمە لەگەڵ تۆ جیاوازین.

گوتی: چۆن؟

گوتم: چونکە ئێمە (جوایەزین)..

مامۆستا گۆران ئەمجارە پرسی:

– ئەدی من ئێستا بۆم هەیە لە هەمان ئەم سەردەمەی کە ئێوە شیعری تێدا دەنووسن، بێمەوە گوو لە گۆڕی ئەدەبەکەی ئێوە بکەم؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: چۆن قبووڵ دەکەن ئەم کارە بکەم؟

گوتم: **تری ئەولادی ئەم عەصرە بە کێرم..**

مامۆستا گۆرانیش وەری گرتەوە:

**– کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم.**

گوتم: شێخ ڕەزا جوانی گوتووە.

مامۆستا گۆران پێکەنی و سەرێکی گاڵتەکردنی بە منی «زەعتووت» ڕاوەشاند و لەبەرخۆیەوە گوتی: **«ئەولادی ئەم عەسرە..!»**.